کوردستان دوای چارەسەرکردنی کێشەی تەکنیکی، هێناردەکردنی نەوت دەستپێدەکاتەوە

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕایگەیاند، بەهۆی دروستبوونی چەند کێشەیەکی تەکنیکی هەنارەکردنی نەوت ڕاگیرا، بەڵام لەم ئێستادا ئەو کێشانە بەتەواوەتی چارەسەرکراون و هەنارەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دوبارە دەستپێکردەوە.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕوونکردنەوەیەکدا باسی لەوەکردوە، "ئەمڕۆ ڕێکەوتی (3ی تشرینی یەکەمی 2025) بەهۆی دروستبوونی چەند کێشەیەکی تەکنیکی لە بەندەری جەیهانی تورکی، هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە بەندەرەکە ڕاوەستا، لەکاتی ئێستادا ئەو کێشانە بەتەواوەتی چارەسەرکراون و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دوبارە دەستی پێکردەوەو بەردەوامە".

نیوەی ئەمڕۆی ئاژانسی ڕێیتەرز باڵاویکردەوە، هەناردەی نەوتی خاوڵە هەرێمی کوردستانەوە بە بەندەری جەیهانی تورکیا ڕاوەستاوە، بەهۆی پێبونی کێگاکانی ئەمبارکردنی نەوتەوە لە تورکیا. هاوکات کەمپانیای نەوتی باکوریش دەڵێت، "ڕاگرتنەکە ڕێکارێکی ئاسایی بوە و هەناردەکردنەوە دەستی پێکردوەتەوە".